# دەروون، دالانێکی پێچەڵپێچە.



کارڵ گۆستاف یۆنگ

و: سوورێن ئیبراهیم

**لە تەمووزی ١٩٥٥، ستیڤن بلاک،  بۆ ئەوەی لە ٢٤ی تەمووز بابەتێک بۆ جەژنی هەشتا ساڵەی یۆنگ تۆمار بکات، گفتوگۆیەکی لەگەڵ یۆنگ ساز دا. سەرەڕای دیدارێکی ڕادیۆیی، دیدارێکیشی بۆ بەرنامەی دووربینی (پانۆراما)ی بی بی سی ڕێک خست. شەش خولەکی ئەو بەشە بڵاو بوویەوە، دیدارەکە لە هەیوانی ماڵەکەی یۆنگ لە کۆشناخت ئەنجام درا. جارجار فڕەفڕی کەشتیی و مۆسیقای ماڵەدراوسێی کەناراوەکە دەژنەوترا. یۆنگ لە تەنیشت هاوژینەکەی دانیشتووە، بەڵام بەشداریی گفتوگۆکە ناکات، دواتر ستیڤن بلاک وازی لە ئیشی دیدارەوانیی و پەخش هێنا، بووە پزیشک و سەفەری بۆ نیوزلەندا کرد.**

**پرۆفیسۆر یۆنگ، دەکرێت پێمان بڵێیت چۆن بوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، دەروونپزیشکیی ئاوا بەو خێراییە بۆ سێ بەرەی فرۆیدیی و ئادلەریی و یۆنگیی دابەش بوو؟**

دەی، ئاوایە. هەمیشە لە سەرەتای زانستێکی تازەدا، یان کاتێک ناواخنێکی نوێ لە زاستدا چێ دەبێت، یەکسەر ڕیزێک ڕەهەندی جیاواز سەر دەر دێنن، بە تایبەت لە زانستێکی وەک دەروونشیکاریی و بە تایبەتتر کاتێک کارتێکەرێکی سەرتاپێ تازە شیتەڵ و شیکار دەکرێت.

**ئەو کارتێکەرە تازەیە چ بوو؟**

لەمەدا نەست بوو، چەمکی نەست پێشتر چەمکێکی فەلسەفیی فەلسەفەی کارڵ گۆستاف کارۆس (CARUS) و دواتر ئێدوارد هۆفمەنی فێرخوازی بوو، لێ چەمکێکی سەرپاک تیۆریی بوو، سەرەتا نەست جۆرە چەمکێکی فەلسەفیی بوو، لێ بە دەستنێژی بنکۆڵکارییەکانی فرۆید، وەرگەڕایە سەر چەمکێکی سەرتاپێ پزیشکیی، ئەو ئەم میکانیزم و پەیوەندییانەی دۆزییەوە... بەم دەساوێژە دەوونپزیشکیی ڕەنگڕێژ کرد، بۆ ئەمە پشتی بە ئەزموونەکانی دەبەست.

**زانستێکی پزیشکیی ئەزموونیی؟**

فیتاوفیت مژارێکی نوێ بوو، بە شێوەیەکی ئاساییش دەکرێت سەرەتا ژمارەیەکی دیارکراو تیۆر بخرێنە ڕوو، چونکە تاک هێشتان بە ئەندازەی پێویست دیاردەکان ناناسێت. تاقیکردنەوە و ئەزموونی زۆرمان پێویستە تا بۆ نموونە، گورزێک لە چەمکی گشتیی و نەریت و بۆچوون بڕسکێن، ئێستا بنۆڕە، من هەرگیز پەیجووری ڕسکاندنی ڕێبازیکی گشتگیر نەبووم، چونکە پێم وابوو ئێمە هەرگیز

بە ئەندازەی پێویست نازانین. لێ فرۆید و ئادلەر هەرزوو دەستیان بە تیۆرسازیی کرد، دەتوانین ئەمە بە خواستی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە گردەبڕیی و یەقین لێک بدەینەوە، هەست دەکەیت لەو گۆڕەپانە پانوپۆڕەی وا دەروونشیکاریی دەیخاتە بەردەمت، ڕێوێڵکە بوویت، سا بۆیە گەرەکە شتێک هەبێت دەستی پێوە بگریت. ڕاستییەکەی جۆرێک لە ڕێنما، ئەمەش وەڵامە بۆ ئەوەی کە بۆچی ئەم دەروونشیکارییەی وا تیۆرێکی لە پێشەوە ئامادەی هەبوو، خرایە ڕوو. جا بەم ڕەنگە کاتێک مرۆڤ شتێکی وای لەمەڕ دەروونشیکاریی نەست نەدەزانی، ئیتر ئاوا پەسەند کران، ئەمە بۆچوونی تایبەتیی منە، جا بۆیە لەم تیۆرییە جیاوازانە پڕینگامەوە.

**یەکەم جار کەی بوو فرۆیدت دیت؟ ١٩٠٦؟**

نا، ١٩٠٧

**تکایە دەکرێت باسی ئەو دیدارە بکەیت؟**

ئەها، بەڵێ، لە ڤییەنا ئەوم دیت، پاشان سێزدە کاتژمێر یەکپشوو گفتوگۆمان کرد.

**سێزدە کاتژمێری نەپساوە؟**

بەڵێ سیانزە کاتژمێر بێ وەستان! نەماندەزانی کە دواجار لە پەلوپۆ کەوتووین، بەڵام زۆر گرنگ بوو.

**داخۆ بەرپەرچت دایەوە؟**

بەڵێ تا سنوورێک، بەڵام لە یەکەمین دیداردا دەبوو خاکەڕاییم بپارێزم. هەروەها دەبوو گوێ بۆ ئەو شتانە شل بکەم وا دەیبێژان. ئەوێ دەمێ من زۆر گەنج بووم،

ئەو تەمەنی هەڵکشاوتر بوو، ئەزموونی زۆرتری هەبوو، مسۆگەر لە پێش منەوە بوو، بۆیە کارێکم کرد سەرەتا شتێکی لێوە فێر بم.

**جا پاشان ئێوە لە ساڵی ١٩١٢ (دەروونشیکاریی نەست)تان نووسی؟**

دەی لە ساڵی ١٩١٢ ڕێژەیەک واتای ڕوونم لە ئەزموونەکانی خۆم هەڵێنجابوو، بڕێکی زۆریش لە فرۆیدەوە فێر بووبووم، جا ئیتر هەندێک شتم لە ئاسۆیەکی جیاوازەوە دەدیت.

**ئیتر لە فرۆید ترازایت؟**

بەڵێ، چونکە ئیتر نەمدەتوانی ڕێبازە بەشەکییەکەی ئەو لەمەڕ هەندێ شت بپەژرێنم، مەبەستم ئەوەیە لە هەندێک شتدا کۆک بووم، بەڵام لە هەندێ ڕەهەندی ترەوە نا.

**ئەو دەمە لە چ شتێکدا پتر لەگەڵی ناکۆک بوویت؟**

دەی، لە هەمووی زیاتر ڕاڤەی ڕاستینەی دەروونشیکاریی بوو. وەک دەزانیت ئەو گۆشەنیگایەکی ماتریالیزمی زانستیی هەبوو، منیش ئەمە بە چەشنە دەمارگیرییەک دەبینم، پێشمەرجێکی میتافیزیکی، من ڕێی کارێکی وا بە خۆم نادەم.

**بە ڕای ئێوە چ شتێک شاهۆکاری ئەم چەشنە ململانێ زانستییەی نێوان ڕێبازە جیاوازەکانی دەروونپزیشکییە؟**

بۆ ماوەیەک تەنیا ململانێیە، بەڵام لە درێژەدا و هەروەها وەک تا ئێستا وایە، دەبێتە کەرتێکی مێژووی زانست. تەماشاکە هەندێک خاڵ لە ڕامانی فرۆید و بازێ لە ئادلەر و بەشێکیش لە من وەرگیراوە. بابەتەکە سەرکەوتنی ڕامانێک و

گۆشەنیگایەک نییە، سەرکەوتنی وا کاتێک دێنە دەست، کە مژاری بانگەشە بێت، مژاری باوەڕپێهێنان، بۆ نموونە وەڵامگۆی فەلسەفیی یان ئایینیی. لە زانستدا شتی وامان نییە، فیتاوفیت پرسی هەقیقەت وەک ئەوەی کەسێک دەیبینێ، جێی باسە.

**سوپاس پرۆفیسۆر یۆنگ، تێکەڵەیەک لە بیروڕامانی ئیمرۆیی لە جیهاندا هەن، کە سەرپاک لەگەڵ تەکنیکی دەروونشیکاریی نایەنەوە، زۆر درێژە دەکێشێت، بە سەعات دەستی شارەزایانی پزیشکیی دەگرێت، زۆری تێ دەچێت، داخۆ ئێوەش لە هونەری دەروونشیکاریی خۆتاندا هەستتان بەمە کردووە؟**

ئەمە ڕێکاوڕێک ڕاستە، کات دەبات، تێی دەچێت، پێویستی بە کەسی سەرڕاستە و ئەمانەش زۆر کەمن، لێ ئەمە پێشبینییە، سرووشتی ئەم کارە وایە، ڕۆحی مرۆیی دالانێکی پێچەڵپێچە. هەندێ کەڕەت نیوەی تەمەنی گەرەک تا بە بنکی سەرومڕ دەروونیی کەسێک بگەین، ئێوە دەزانن هەمیشە مژارەکە دەروونەدەرمانیی یان سارێژی نەخۆشیی دەماریی نییە، دەروونشیکاریی لە دنیادا ڕەهەندێکی باڵکێشی پەروەردەکارانەشی هەیە.

**سیستەمێکی فێرکاریی و پەروەردەیی؟**

فێرکاریی و پەروەردەییە. هەندێ جار لە وێنەی فەلسەفەی دێرینە، نەک ئەو شتەی ئێمە لەمەڕ تەکنیکێکەوە دەیزانین. شتێکە باندۆر دەخاتە سەر سەرپاکی مرۆڤان و ڕووبەڕوووی تێکڕای مرۆڤەیل دەبێتەوە، جا چ نەخۆش بێت یان پیرێکی دەرمانبەکارهێن و پزیشک.

٢

**لێ هاوکات ڕێبازێکی دەرمانییشە.**

بەڵێ تەماشا، ئەم بەرنامەیە پێڤاژۆ و ئاستی جیاوازی هەیە. گەر دووچاری دۆخێکی ئاسایی دەماریی بیت، تا کاتی سارێژبوونی نیشانەکانی نەخۆشییەکە یان ڕێنمایی بە نەخۆش تا بتوانێت نەخۆشییە دەمارییەکەی لە کۆڵ بێتەوە، بۆ پێشێ دەچێت. هەندێ جار هەفتەیەک، هەندێ کەڕەت چەند ڕۆژ، بڕێ کاتیش ڕاوێژێک بەسە تا دۆخەکە یەکلا بکەمەوە. مسۆگەر بۆ زانینی مژار و چییەتییەکەی، ئەزموونی باشی گەرەک. لێ هەندێک دۆخ هەن زۆر درێژە دەکێشن و ناتوانیت نەخۆش بە دۆخی خۆیەوە بەڕێ بکەیت، چونکە ناڕوات. دەیانەوێ پتر بزانن. هەموو پێواژۆکانی تەواوکۆیی ببڕن، سا ئەمەش قۆناغ بە قۆناغە. والابوونی ئاسۆی زەینییە. باوەڕ ناکەیت ئیمڕۆ چەندێک مرۆڤی تاکبین هەن. جا ناتوانین دەستی لێ بەر بدەین تا خەڵک سارێژ بکەین و لە ڕوانگەی زەینییەوە تەواوکۆییەکی فرەتری بدەینێ و پتر بۆ ئاگایی هەڵکشێنین. ئەوان ئەوەندە بەرانبەر ئەم پرسە هەستیار و بسۆزن، لەبەر هیچ شتێکی ئەم جیهانە کۆڵی لێ نادەن. جا هەرچەندێ پارە لەم ڕێیەدا هەڵڕێژن، لاتراسکە لەم کارە نابەستن.

**پرۆفیسۆر یۆنگ چۆن دەتوانین ئەمە لەگەڵ ئایین و ئەرکی ئایینی بەراورد بکەین؟**

من پێم باشە بێژم چۆن لەگەڵ فەلسەفەی دێرین بەراورد دەکرێت. تەماشا، ئایینەکانمان وەک دانپیانان دەناسرێن. کەسێک دان بە بیروباوەڕێکی تایبەتدا دەنێت، ئێستا خۆ بابەتەکەی ئێمە پەیوەندیی بە دانپیانانەوە نییە، بەڵکوو تەنیا پەیوەندیی بە ڕێکاری سرووشتیی کامڵبوونی کەسێتییەوە هەیە، واتە ئەو ڕێکارەی لە سەرەتای لەدایکبوونەوە دەست پێ دەکات. فیتاوفیتی ئەو گیا و درەختەی لە تووەوە دەڕوێت و دواجار با بڵێین دەبێتە داربەڕوو. هەر ئاواش مرۆڤ بۆ چی ئافرا بێت، دەبێتە ئەوە. لانیکەم ئەو هۆکارەی ئەوی بەم پنتە

گەیاندووە. لێ بە زۆریی لەگەڵ بارودۆخی ناهەمووراری دەرەکیی دەئاڵێن. لەمپەری زۆروبۆر و شێوانی خەسارناسانە. فێرکاریی و پەروەردەی چەوت. پێوەرێکمان نییە تا بزانین مرۆڤ بۆ ناگاتە ئەو هەوارەی وا گەرەکێتی.

**داخۆ ئەمڕۆ پتر لەو کاتەی وا ئێوە پێش پەنجا ساڵ دەستتان پێ کرد، گیر دەخۆن؟**

ئامارێکی وا بەردەست نییە و منیش قسەیەکی وام لەو بارەوە نییە. لێ دەزانم ژمارەیەکی ناسرووشتیی خەڵک، بێ هیچ پێویستییەک، گیر دەخۆن. گەر هەندێ شتی ڕاستیان بیستبا، یان کاتێکی پێویستیان بۆ خۆیان گل دابایەتەوە، دەیانتوانی پتر بۆ پێشێ بچن. لێ وەک ئەزانی، گلدانەوەی کات، باو نییە. چونکە گۆشەنیگاکانی ئێمە تەواوێک دەرنشینن.

**دواپرسیار. ئێوە ئەم جۆرە کەسێتییانەتان بە دەرنشین و ناخنشین پێناس کرد. خۆتان کامیانن؟**

ئۆو بەڵێ [پێکەنین]، هەمووان من بە ناخنشین دەزانن.

**ئێوە ناخنشینن، فرۆید کامە بوو؟**

ئێستا چ بڵێم، پرسیارێکی زۆر دژوارە، تەماشا، فرۆید نایشارێتەوە کەسێتییەکی گرژومۆنە و زۆر سەختە یەکلای بکەینەوە و بزانین کەسێتییە ڕاستەقینەکەی چییە. ناچاری بۆ ماوەیەکی زۆر چاودێر بیت تا بزانی کام ئاستی زەینیی ئاگاییە و کامەش نائاگایی، ئەوێ دەمێ دەتوانی بێژیت دەکرێ ئەمە جۆری ڕەسەنی بێت. من دەڵێم گۆشەنیگای فرۆید دەرنشینە، لێ سەبارەت بە کەسێتیی تایبەتیی ئەو، بیرم نەکردووەتەوە.

**ئەی ئادلەر چی؟**

ئەو سەرپاک ناخنشینە.

**ئەو پێناسەکەی ئێوەی سەبارەت بە گرێ، بە گرێی خۆبەکەمزانینەوە گرێ دا، بۆچونی ئێوە سەبارەت ئەم گرێ گرنگەی خۆکەمبینیی چییە؟**

دەی، ئەوە شتێکە ڕۆڵێکی فرە باڵکێشی هەیە، نزیک بە ئەندازەی گرێی سێکسیی، بنۆڕە، گرێی سێکسیی هیی مرۆڤی خۆشگوزەرانە، کە بەپێی چێژ و ناڕازییبوونی خۆی بیر دەکاتەوە، هاوکاتی ئەمە چینێکی تری مرۆیی بە گشتیی، ئەو مرۆڤانەی هێشتان نەهاتوون، بەپێی سەرکەوتن و بەزین بیر دەکەنەوە، لای ئەوان سەرکەوتن لە کارێکدا، لە سەرپاکی مژاری سێکسییان گرنگترە.

**بەپێی ڕامانی ئێوە و بە بۆچوونی ئێوە، دەبێت بیر لە چی بکەینەوە؟**

ڕوونە، ژیان دوو ڕەهەندی هەیە، پاکبوونەوەی دەروون و پاکبوونەوەی چەشن، کەواتە دوو شتت هەیە، هیچ کەسێک ئەم جووتە لە خەیاڵی دەر ناکات. ئێمە یەکرا دوو ڕەهەندمان هەیە، چونکە هەوڵ دەدەین هاوسەنگ بین.

٣

**لە درێژەی گەشتەکەیدا بۆ کۆشناخت، ستیڤن بلاک گفتوگۆیەکی بۆ ڕادیۆی بی بی سیش ڕێک خست، بەپێی نوسخەکەی بی بی سی، ئەم گفتوگۆیە لە ٢٩ی تەمووزی ١٩٥٥ تۆمار کرا. لە سێی ئۆکتۆبەر وەک بەشێک لە (میوانی تایبەت)، پەخش کرا، دەقی دیمانەکە وەک پاشکۆی پەرتووکی ئەی، ئا، بینێت (ک، گ،**

**یۆنگ) (لەندەن-١٩٦١) چاپ کرا و دکتۆر بینێت بەرواری ٢٤ی تەمووزی لێ دا، بی بی سی مافی لەچاپدانی پێ دا، ئەویش شەرەفی بڵاوکردنەوەی پێ داین.**

**(Vocatus atque non vocatus deus aderit)**

**وەرگێڕانی لاتینیی ئەم پەیڤە غەیبییە یۆنانییەیە و بە ئینگلیزیی ئاوا وەرگێڕدراوە:**

**(Invoked or not invoked the god will be present)**

**(چ گازی بکەی یان نا، یەزدان وا لێرە.) ئەم ڕستەیە بە شێوازی چەشناوچەشن فەلسەفەی کارڵ یۆنگ دەڕەنگێنێ، ئێستا من لە ماڵەکەی لە کوشناختی نزیکی زیوریخ لە سویسرا دانیشتووم. کاتێک پێم لە دەرگەی سەرەکیی ماڵێ هەڵدێنا، ئەم وەرگێڕانە لاتینییەی ئەم پەیڤە یۆنانییەی لە سەر دەرگە هەڵکۆڵرابوو، خوێندەوە. چونکە یۆنگ خۆی ئەم ماڵەی ڕۆ نا.**

**چەندێک پێش بوو پرۆفیسۆر یۆنگ؟**

ئاوا نزیکەی پەنجاساڵ.

**چما ئەم دێڕەت بۆ سەر دەرگەی وەژوورکەوتن هەڵبژارد؟**

چونکە گەرەکم بوو ئەو ڕاستییە بخەمە ڕوو، کە هەمیشە هەست بە نائارامیی دەکەم، شامانێ وام لە ئاستانەی ئەگەرە بانسرووشتییەکاندا.

**ئێستا پرۆفیسۆر یۆنگ لە بەردەمم دانیشتووە. پیاوێکی قایموقۆڵە. ئەم هاوینە سەد ساڵەی لەدایکبوونی بوو، پرچی ڕەشن، سەروپۆتەلاکێکی زۆر پتەو و**

**سمێڵێکی تەنکی چەرموو، چاوانی قاوەیی تێر، لەگەڵ ڕێزی بێپایانم بۆ پرۆفیسۆر یۆنگ، بەڵام فیتاوفیت گوندنشینێکی سویسراییم بیر دێنێتەوە.**

**پرۆفیسۆر یۆنگ چۆن هەست بەم بابەتە دەکەیت؟**

باشە، پێم وایە زۆریش لە پلکەت نەترازاوە، ڕێک وام پێ دەڵێن.

**لەگەڵ ئەوەی پرۆفیسۆر یۆنگ پیاوێکە ناوبانگی فرە ئەولاتر بۆ سنوورەکانی ئەم وڵاتە بچکۆلانەیە کشاوە، ناوبانگەکە تەنیا ئەورووپایی نییە، بەڵکوو سەرپاکی جیهانی داگرتووە، تەنانەت تا ڕادەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی دووریش داکشاوە، پرۆفیسۆر یۆنگ وەک پزیشکێک چۆن حەزی بۆ دەروونپزیشکیی جووڵا؟**

دەی، کاتێک خوێندکاری پزیشکیی بووم، ئیتر دڵبەندی وردەکارییەکانی دەروونشیکاریی بووم، نەخۆشییە دەروونییەکان بە تایبەتیی، خوێندمەوە، سەرباری پزیشکیی، پتر کانت و شۆپنهاوەر و دیترانم دەخوێندەوە. ماتریالیزمی زانستیی ئەوێ دەمێ، تەماشام دەکرد فرە دژوارە هێڵێکی نێوەنگیر بۆ زانستی سرووشتیی و کەڵکەڵە فەلسەفییەکانم بدۆزمەوە، لە کۆتاییەکانی خوێندنی پزیشکییمدا و ڕێک پێش تاقیکاریی کۆتایی، پێشەکییەکی کورتی کرافت ئابینگم دۆزییەوە، بۆ وانەپەرتووکی نەخۆشییە دەروونییەکان نووسی بووی، لەپڕ پەیوەندیی نێوان دەروونشیکاریی و فەلسەفە و زانستیی پزیشکییم دۆزییەوە.

**کەواتە ئەمە بۆ پێشەکییەکەی کرافت ئابینگ و وانەپەرتووکەکەی دەگەڕێتەوە؟**

بەڵێ. هەست و سۆزێکی سەمەرە لە مندا سەری کرد، ئاوێتەی دەرکێکی ئیشراقیی پاکی لەناکاو بووم. باش بۆم هەرس نەدەکرا، لێ هەستم دەکرد پەیوەندییم لەگەڵ بنکێک گرێ داوە، یەکەوجێ بڕیارم دا ببمە دروونشیکار، چونکە هەلکەوتێک بوو

تا کەڵکەڵە فەلسەفییەکانم لەگەڵ زانستی سرووشتیی و پزیشکیی یەکدەست بکەم، شاکەڵکەڵەی من بۆ ئەوێ دەمێ دەگەڕێتەوە.

**دەکرێت کەڵکەڵەی ئیشراقیی لەناکاوی خۆتان ئاوا ڕوون بکەیتەوە: لەم گشتە ساڵەدا دەبوو درکی ئیشراقییتان تا سنوورێک بۆ کارەکەتان ڕوون بوویێتەوە؟**

ئا بەڵێ، وەک دەزانیت، ساتێکی ئاوا ئیشراقیی گشت شتێکی بە شێوەی کاکڵە (in nucleo) تێدایە. گشتێکی پێناسەنەکراوە. بەڵام ئەم ساتە بۆ من وەک زانایەکی بواری دەروونپزیشکیی، چاوگەی ڕاستەقینەی کاری منە.

**کەواتە ڕاستییەکەی ئەوەی ڕێی ئێوەی پاک کردەوە، کرافت ئابینگ بوو نەک فرۆید؟**

ئۆو بەڵێ، زۆر دواتر فرۆیدم ناسی.

**ئەی کەی فرۆیدت ناسی؟**

ساڵی ١٩٠٧، پێش ئەوە نامەگۆڕکێم لەگەڵی هەبوو، بەڵام ئەوم ساڵی ١٩٠٧ و پاش ئەوەی پەڕتووکی (دەروونشیکاریی شیزۆفیرینیی)م نووسیی، دیت.

**پەڕتووکی یەکەمتان بوو؟**

ڕاستییەکەی پەڕتووکی یەکەمم نەبوو، پەڕتووکی شیزۆفیرینیا پاش نامەی دکتۆرا و ساڵی ١٩٠٤ چاپ بوو، جا پاشان خوێندنەوەم بۆ ئەزموونی نواندنەوەی پاڵنەر ڕێگاکەی ڕووەو فرۆید تەخت کرد. چونکە تێگەشتم تایبەتمەندیی گرێ ڕێی بۆ ڕامانەکانی فرۆید لەمەڕ چەپاندن خۆش کرد. جا ئەمەش بەرهۆی یەکناسینمان بوو.

**داخۆ دەکرێت باسی ئەو دیدارەم بۆ بکەیت؟**

ئێ من چووم بۆ ڤییەنا و بینیم، دیداری یەکەممان سێزدە کاتژمێر درێژەی کێشا.

## سێزدە کاتژمێر؟

سێزدە کاتژمێری نەپساوە قسەمان کرد و ئاخفاین، گەشتیکی چڕ و گشتگیر (Tour d'horizon) بوو. من هەوڵم دا بیرکردنەوە تایبەتەکەی فرۆید بزانم: دیاردەیەکی سەیر بوو لام. وەک چۆن ئەو ڕۆژگارە بۆ هەمووان وابوو. جا پاشان زۆر باش تێگەشتم مەبەستەکەی چییە. پێشتریش هەندێک شتم دەزانی کە نامەوێت بچمە تانیا.

## فرۆید لە چ ڕوانگەیەکەوە تایبەت بوو؟

دەی دەزانی. وتنی قورسە. پیاوێکی زۆر کاریگەر بوو. بلیمەتێکی تەواو بوو. دەبێت ژینگەی ئەوکاتەی ڤییەناش بزانین، دوارۆژەکانی ئیمپراتۆریی بوو، ڤییەنا بە شێوەیەکی گشتیی پێگەیەکی زۆر تایبەتی ڕۆحیی هەبوو. بە تایبەت بۆ ڕۆشنبیرێکی یەهوودیی دیاردەیەکی تایبەت و کاریگەر بوو. بە تایبەت بۆ ئێمەی سویسرایی. مسۆگەر زۆر جیاواز بووین و ئەمە زۆری ویست تا تێی گەشتم.

## ئایا دەتوانیت بڵێیت ئەو بیرە فەلسەفییانەی ئێوە ڕەنگڕێژتان دەکردن، ڕیشەیەکی تایبەتی سویسرایییان هەیە؟

لەوانەیە، بنۆڕە، بێلایەنیی سیاسییمان پەیوەندییەکی باڵکێشی بەمەوە هەیە. ئێمە هەمیشە زلهێزەکان گەمارۆیان دابووین. هەر چوار زلهێزی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئیتاڵیا و فەڕەنسا، سا ناچار بووین بۆ ئازادییمان تێ بکۆشین. جا ڕۆحی سەربەخۆیی تایبەتمەندیی سویسرایە و هەمیشە ئەو مافەی خۆی دەپارێزێت. ئاسان لاسایی ناکاتەوە. هەروەها هیچ شتێکیش یەکسەر ناسەپێنێ.

**داخۆ جەنابی پرۆفیسۆر، ئێوە بەرگریی لە مافی خۆتان دەکەن؟**

هەمیشە.

**ساڵی ١٩١٢ پەرتووکی دەروونشیکاریی نەستتان نووسی، ڕێک ئەو سەردەمە بوو لە فرۆید ترازایت؟**

دەی. خۆبەخۆ وای لێ هات، چونکە هەندێک بۆچوونم لەم پەرتووکەدا ڕاستەوپاستە کرد و دەمزانی فرۆید ناپەژرێنێت. بەهۆی ماتریالیزمە زانستییەکەیەوە، دەمزانی ئەمە کەرتێکی فەلسەفەیە و ناتوانم بیسەلمێنم.

**خۆتان واتەنی، ئەوەی ئێوە ناخنشینی بوو؟**

نا. ئەوەی من تەواوێک گۆشەنیگایەکی ئەزموونیی بوو، من بانگەشەی زانینم نەدەکرد، تەنیا دەمویست جیهان ئەزموون بکەم، تا بزانم چی وا لە گۆڕێ.

**ئێوە فرۆید تۆمەتبار دەکەن کە بووە بە داوی چەمکەکانەوە؟**

نا تۆمەتباری ناکەم، ئەوە بارودۆخی ئەوێ دەمێ بوو، بیرکردنەوە لەمەڕ دەروونشیکاریی، پێم وایە زۆر سادە بوو. ئەو کاتە نەخۆشیی دەروونییان بە دەرهاویشتەی مێشک دەزانی، گاڵتەم لەگەڵ خوێندکارەکانم دەکرد، باسی پەرتووکێکی دێرینی ئەنجوومەنی پزیشکیی سوپای سویسرام دەکرد و شیکاریی بۆ مێشک دەکرد، گوایە مێشک وەک سینی ماکارۆنییە و ڕۆحیش هەڵمی ماکارۆنیی، ئەمە توانای لێکدانەوەمان بووە و زۆر سادەبینانەیە، جا بۆیە وتم: (دەروونشیکاریی زانستی دیاردە ڕۆحییەکانە.) دەتوانین ورد ببینەوە داخۆ ئەم دیاردانە لە مێشکەوە فیچقە دەکەن یان لە بنەواشەوە هەر لەوێن. ئەوانە هەر ئەوەن وا هەن، من هیچ بۆچوونێکم لەمەڕ سەرچاوە و چاوگەی ڕۆح نییە. من

وا لە دیاردەکان دەنۆڕم کە پاوەجێن و دەکۆشم پلەبەندیی و پۆلێن بکەم، کۆچەمکەکانی من وەک کۆچەمکی گیاناسیی و ئاژەڵناسیی کۆچەمکی ئەزموونیین.

**ئێوە گەشتی فرەتان کردووە؟**

بەڵێ، زۆر، سوورپێستەکانی ناواهۆی ئەمریکای باکوورم دیوە، گەشتم بۆ ئەفریقای باشوور و ئەفریقای ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست و سوودان و مسر و هند کردووە.

**پێت وایە ڕامانی ڕۆژهەڵاتیی لە ڕامانی ڕۆژئاوایی پیشکەوتووتر بێت؟**

تەماشا، ناتوانین ڕامانی ڕۆژهەڵاتیی بە ڕامانی ڕۆژئاوایی بپێوین، نزیکایەتییەکی وایان نییە، ڕۆژهەڵات شتێکی ترە.

**لە چ ڕەهەندێکەوە جیاوازە؟**

بنۆڕە، ئەوان لە ئێمە فرەتر لە بن باندۆری ڕاستیینە بنگەهییە دەروونییەکاندان.

**پتر لە وێنەی فەلسەفەی ئێوەیە؟**

بەڵی فیتاوفیت. ئەمە هەستی بنچینەیی منە لەمەڕ ڕۆژهەڵات. ڕۆژهەڵات پتر بیر و ڕامانی من دەسەلمێنێ و سەرڕاست دەکاتەوە، چونکە ئەوان پتر ئامادەن تا ڕاستینەی ڕۆح هەڵێنجن. پێرێک هەن وا بیر دەکەنەوە هەنگێ زارۆکێک چاو بەم ژینە هەڵدێنێ، مێشکی ڕووتەختێکی سپییە، لێ من دەڵێم کاتێک منداڵێک دێتە ئەم ژینە، گشت شتێک لە مێشکیدا خاڵکوت بووە، تەنیا ئەوەیە هێشتا نەبووەتە ئاگایی، وەک ماتەوزە لەوێیە، ئێستا ببینە ڕۆژهەڵات نەختوپوخت لە سەر ئەو ماتەوزەیە پاوەجێ بووە.

**داخۆ ئەمە بۆ جۆرێک لە شادی خەڵکدا دەبینرێتەوە؟ ئایا خەڵکی ڕۆژهەڵاتیی بە سرووشت شادتر نیین؟**

پێم وانییە لە ئێمە شادتر بن، بنۆڕە، چەرمەسەرییەکانی ئەوان نابڕێتەوە، نەخۆشیی، کێشمەکێش، ئەمە چارەنووسی مرۆڤە.

**ئایا ناشادیی ئەوان وەک ئێمە لە سۆنگەی تەڵەزگە دەروونییەکانەوەیە یان لەبەر ژینگەی فیزیکیی و ئابووریيان؟**

تۆ تەماشا، جیاوازیی نییە. دەتوانین بێژین لە نێوان هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی هەیی و هەلومەرجی دەروونیی گونجاو. ڕەنگە ئێمە لە ڕۆژاوا لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی زۆر گونجاودا بین، لی لە ناخدا فرە کلۆڵ بین، ئێمە لە دەروونداکۆتی کۆسپین، لێ ڕەنگە ئەوان زۆرینەی کۆسپەکانیان لە دەرەوەڕا هورووژمیان بۆ بێنێت.

**ئایا ئێوە هیچ بۆچوونێکتان لەمەڕ ئەو چەرمەسەرییەوە هەیە وا ئێشی پێوە دەکێشین؟**

ئەها، بەڵێ، هۆکاری زۆری هەیە، ڕەفتاری چەوت، ئێمە باوەڕمان بە کۆمەڵێک شتە کە هیچ بەهایەکی وایان نییە، بۆ نموونە: کاتێک کەسێک ترۆمبێلێکی هەیە لێ دراوسێکەی دووانی هەیە، ئەم بارودۆخە دەیئێشێنێت، جا نەخۆشی دەماریی هەڕەشەی لێ دەکات.

**چ ڕەهەندێکی تری ڕەفتارەکانمان چەوتوچەوێڵن؟**

باشە، سەرپاکیی دەسەڵاتخوازیی و شتەکانی تر. خەیاڵپڵاویی بە هەموو ئاستەکانەوە. ناکرێ هەمووی بەرباس بدەین.

**بۆچوونی ئێوە لەمەڕ پێگەی ژنان لە کۆمەڵگە و جیهانی ڕۆژاوا چییە؟**

لە چ ڕەوانگەیەکەوە؟ پرسیارەکەتان نەختێک ئاڵۆزوباڵۆزە.

**جەنابی پرۆفیسۆر ئێوە ئێستا وتتان، هەندێک لە کێشەکانمان دەرهاویشتەی بەها چەوتەکانمانن، من هەوڵ دەدەم تێ بگەم گەلۆ ئێوە هەست دەکەن ئەم بەها چەوتانە لە ئەنجامی داوای ژنان لە پیاوانەوە چێ دەبن؟**

هەندێک کات وایە. لێ فرەتر ژنەکەی ناخی پیاوە پیاو گومڕا دەکات. ئەنیمای پیاو. ئەو ڕەهەندە مێینەیەی پیاو وا پیاو تەواو لێی بێئاگایە، دەبیتە بەرهۆی شێوازی ڕەفتار و ئێش و دەمارگیریی و پێشداوەرییەکانی.

**کەواتە بەم ڕەنگە ئەو ژنەی دوو ترۆمبێلی گەرەک، لەبەر ئەوەی هاوسێکەی دوو ترۆمبێلی هەیە، تەنیا بزوێنەرە؟**

نا، ڕەنگە  ئەو ژنە ئەو شتە بلێت وا دەمێکە پیاو هەستی پێ کردووە، پیاو ناوێرێ دەری بڕێت، لێ ژن ئەمە دەڵێت. ڕەنگە ئەو زۆر سادە بێت.

**ئەی پیاو چ شتێکی ئەنیماسی ژن باوێژ دەکاتەوە؟**

دەی، پیاو هەمیشە پێچەوانەی ئەوەیە، چونکە ئەنیماس هەمیشە ملی ڕێی خۆی دەگرێت، هەمیشە باندۆر دەخاتە سەر ئەنیما و کراسگۆڕکێی پێ دەکات، یەکتر دەورووژێنن، کاتێک گوێ بۆ هەست و سۆزی نێوان پیاو و هاوژینەکەی ڕادەدێری. هەموو کەرتەکانی پاساوە سەمەرەکانی ئەنیمای دەروونی پیاو دەژنەفی. پیاو مینا ژن دەئاخفێ و ژنیش بە وێنەی پیاو، جا بە بیرێکی فیتاوفیت گردەبڕ و هەمووشتزانەوە.

**داخۆ هەست دەکەی گەر ژن و پیاو بە پێودانگی ئێوە پرسەکە هەست پێ بکەن، ئومێد هەبێت هاوسەنگیی نێوانیان چێ بکەن؟**

دەی تەماشا، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە بڵاوانەی کە من لەبەر ئەوە دەروونشیکارییەکی تایبەتم بۆ پەیوەندیی مشتوماڵ دا. بۆ نموونە لە هاوسەرگیرییدا ژن و پیاو چۆن لە یەکتری تێ بگەن، یان چۆنە کاتێک هەڵەتێگەشتن ڕوو دەدات، ئەمە بەشێکی سەرەکیی دەروونشیکارییە نەک لاوەکیی.

**کام ڕەفتار سەرەکییە؟ ڕەفتاری ڕۆژهەڵاتیی؟**

هیچکامیان، ڕۆژهەڵاتیی چەندێک تاکبینە، ڕۆژئاواییش هەر ئەوەندە. ناڵێم پێگەی ژن لە ڕۆژهەڵات سرووشتیترە یان باشتر لە ئێمە. شارستانییەت شێوازەکانی فراوان کردووە. بۆ نموونە ژن و پیاوێکی فەڕەنسایی و ئیتاڵیایی و بەریتانیی ڕێکاری زۆر جیاواز و تایبەت بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن دەگرنە بەر. پێم وابێت هاوسەرگیریی بەریتانییەکانت دیوە، دەزانی بەگزادە بەریتانییەکان کاتی درووستبوونی کێشە چۆن لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەجووڵێنەوە، جا گەر ئەمە لەگەڵ ئیتاڵییەکان بەراورد بکەیت، ئەو جیاوازییانە دەبینیت وا لە جیهاندا هەن، تەماشا، ئیتاڵییەکان لکوپۆ دەدەنە هەستەکانیان، ئیتاڵییەکان حەزیان لە جۆشوخرۆشە و سۆزەکانیان نیشان دەدەن، بەریتانییەکان وا نین.

**لە هند و هیمالایا چۆنە؟**

لە هندیش پێم وابێت هەر بەم ڕەنگەیە، خۆشبەختانە ئەو بەختەم نەبووە لە پرسێکی خێزانییدا نێوەنگیر بم، هەڵهێنانەوەی پشوویەک بوو لە ئەورووپا، ئەو

جێیەی هەڵسوکەوتێکی زۆرم لەگەڵ ئاریشەی خێزانیی و نەخۆشەکانم هەبووە، ئەم کێشانە سەرقاڵیی ڕۆژانەم بوون.

**کەواتە وەک شیکارێکی زانستیی، داخۆ دەڵێیت لە ڕۆژهەڵات کێشەی خێزانی کەمترە لە ڕۆژاوا؟**

وام نەگوت، وەک دەزانیت جۆرێکی تری کێشەی خێزانییە، مرۆڤی زۆر پێکرا لە یەک ماڵ دەژێن، بیستوپێنج کەس لە خانوویەکی بچووکدا، داپیرە لە سەرەوەی گەمەکە کێشەیەکی گەورەیە، خۆشبەختانە لێرە شتێکی وامان نییە.

**مرۆڤ هەست دەکات فرۆید لە کۆتاییەکانی ژیانیدا نەختێک لە سرووشتی دەروونشیکاریی ناڕازیی بوو. ئەو ماوەیەی بۆ چارەسەری نەخۆشێکی دەروونیی و هتد پێویستە، داخۆ ئێوە ئێستا لە ئاستانەی هەشتا ساڵییدا هیچ ناڕەزاییەتییەکان لە کارەکەتان هەیە؟**

نا ناتوانم شتێکی وا بڵێم، هەرگیز ناڕازیی نیم، لێ من هیچ خەیاڵپڵاوییەکم لەمەڕ تەڵەزگەکانی سرووشتی مرۆیی نییە، تەماشا، فرۆید هەمیشە کەمێک ناشاد بوو، هەمیشە ئومێدی بە ڕێگەیەکی ناوبڕ بوو، منیش دەمزانی ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە چنگی ناخەین، چونکە هەرشتێک باش بێت، سەختیشە. کات دەبات، ئارامیی گەرەک و کۆتایی نایەت، ناتوانم بێژم ناڕازییم، چونکە پێم وابوو ئەو شتەی باشە، کاتگیریشە، خۆڕاگریی دەوێت، دژوارە، ناتوانیت دەستبەرداری بیت.

**چۆن هاوسەرەکەتان ناسی؟ ئایا پەیوەندیی بە کارەکەتانەوە هەبوو؟**

کاتێک هێشتان کچێکی زۆر لاو بوو، ئاوا ١٥-١٦ ساڵ، دیتم، بە هەڵکەوت دیتم و بە هاوڕێکەم وت. تەمەنم ٢١ساڵ بوو، ئەو کچە هاوسەری منە.

**پێش ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەیت؟**

بەڵێ، (ئەوە هاوسەرەکەمە)، دەمزانی، ئەوم لەسەر پلیکانەیەک دیت و دەمزانی ئەوە (هاوسەری منە.)

**چەند منداڵت هەن؟**

پێنج منداڵ، نۆزدە نەوە و دوو نەوەزادە.

**هیچ یەکێک لە ئەندامانی ئەم خێزانە گەورەیە ڕێی ئێوەیان پێواوە؟**

باشە، کوڕەکەم ئەندازیارە و مامێکیشم ئەندازیار بوو، کەسیان پزیشکییان نەخوێندووە، هەموو کچەکانم هاوسەرگیرییان کردووە، لێ زۆریان حەز لێیە و ئەمەیان لەم ماڵە (زانی)، تەماشا، لە ڕێی ژینگەی ماڵەوە، نەوەیەکم پزیشکە.

**داخۆ تۆ هیچ حەزێکت بۆ ئەندازیاریی هەبوو؟**

ئۆو بەڵێ، زۆر زۆر، من بەم دەستانەی خۆم خانووم چێ کرد، من ئەندازیاریی فێر بووم، چووم بۆ کانێکی بەرد تا تێ بگەم چۆن بەرد دەشکێنن، گابەردەکان.

**دواتر خشتت هەڵچنی، بەردت تێ خست؟**

بەڵێ، ئێمە لە ئەورووپا بەرد بەکار دێنین، من بە گشتیی بەردم بەکار هێنا و بەشێکی ماڵەکەم لە بۆلینگن چێ کرد.

**بۆ ئەم کارەت کرد؟**

دەمویست بە دەست کار بکەم، هەستی بەرد بزانم و دەست لە زەوی بخشێنم، باخەوانییم زۆر کردووە، ئاوردووم شکاندووە، دارم بڕیوە و ئەمانە، کاتی لاوێتیی، کەشتیرانیی و سەوڵلێدان و شاخەوانییم حەز لێ بوو.

**دەتوانی پێمان بڵێیت چ شتێک سەرچاوەی ئەو ئارەزووەیە کە دەست لە زەوی بخشێنی؟ ئێمە لە بەریتانیا ئەم کارە زۆر دەکەین، هەموو بەریتانییەک باخچەیەکی بچکۆلانەی هەیە، هەموومان ئەڤین دەدەینە خاک؟**

مسۆگەر، ئەزانی، نازانم چۆن ئەمەت بۆ ڕوون بکەمەوە؟ ئێوە ئەڤین دەدەنە زەوی و زەویش بە ئێوە، بەم ڕەنگە خاک دەزێت، بۆ گوندنشینەکانیش هەر ئاوایە، کاتێک دەیانەوێ کێڵگەکەیان بەپیت بێت، ئەوا لە شەوی مانگی چواردەدا لێڵ هاوسەرەکانیان لە کێڵگە دەخەون.

**پرۆفیسۆر یۆنگ، وا لە بن هەڕەشەی بۆمبی ئەتۆمییدا دەژیین، ڕەنگە ناچار بین دیسان ئاوا بژێینەوە، پێت وایە چ دەرەنجامێکی هەیە؟**

دەی، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، پێم وایە ڕۆژئاوا پتر لە ڕۆژهەڵات یەخەگیری ئەمەیە، چونکە ڕۆژهەڵات گۆشەنیگایەکی جیاوازی لەمەڕ مەرگ و تیاچوون هەیە، بیر لەو ڕاستییە بکەوە کە تەواوی هند باوەڕیان بە دۆنادۆنە. جا کاتێک تۆ ئەم ژینە لەدەست دەدەی، زۆر ژیانی تر بەردەستن، گرنگ نییە چەندێک، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم ژینە پووچەڵە و گەر بتوانیت لێی ڕزگا بیت، ئەوا زۆریش خراپ نییە، گەر باوەڕت بە ژینی پاش مەرگ هەبێت، ئەوا دەتوانی ئەگەری زۆرت لە پێش چاو بێت. مادام لە ڕۆژاوا یەک ژیان هەیە، ئەوا دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە ڕۆژاوا پتر لە ڕۆژهەڵات ئەگەری وێرانبوونێکی تاڵ دەیهەژێنێت، هیچ لەو ژینە دڵنیا نین وا پاش ئەمە دەچینە نێوی. بەشێکی زۆری ئەورووپا باوەڕیان بە نەمریی نییە. ئیتر کەسەکە کۆتایی دێت. بۆ هەمیشە کۆتایی دێت. ئەمە بەرهۆی زۆرینەی پەرچەکرداری ئێمەی ڕۆژاواییە. بە هۆی نەزانیی و نەبوونی پەیوەندیی لەگەڵ تویژاڵە ڕیشاژۆکانی ڕۆح، پتر زیانمان پێ دەکەوێت. لێ ڕۆژهەڵات لەم بەستێنەدا باشتر بەرگریی لە خۆی دەکات، چونکە لە سەر ڕاستینەی بنەڕەتیی

ڕۆحی مرۆیی پاوەجێ بووە. پتر لە ڕۆژاوا باوەڕی بەوە و ئەگەرەکانی هەیە. سا ئەمە پرسی نادڵنیاییە لە ڕۆژاوا. ئەمە گێژەنێکی زۆر سەربەگێژە.